وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی کار بە بنەبڕکردنی دیاردەی سحرو جادو دەکەین

لە بەاوکراوەیەکدا وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی هەرەم ئاشکرایکردوە: کار بە بنەبڕکردنی دیاردەی سحرو جادو دەکرێت و سەرپێچیکاران روبەڕوی یاسا دەکرێنەوە بە سزادان.

ئەمە پێنجشەممە، وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئایینی نوسراوی ژمارە (4)ـی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی سیحر و جادو یان هەرکارێکی هاوشێوە کە پێچەوانەی بنەما ئاینییەکانە، ئاماستەی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پارێزگاکانی هەولێرو دهۆك، سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەی گەرمیان کردوە بە جێبەجێ کردنی لە رێژی بەاوکردنەوەیەوە.

بەپێی نوسراوەکەی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی، رەوشێنی پێویست بەرامبەر ئەو کەسانەی کاری سیحر و جادو یان هەرکارێکی هاوشێوە ئەنجام بدەن، دەگیرێتە بەر و روبەڕوی سزا یاساییەکان دەکرێنەوە.

لە مادەی دوەم بڕگەی (ب)ـی یاسای تایبەت بە بە یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی ژمارە (11)ـی ساڵی (2007) ئاماژە بە ئەوە کراوە، داموده‌زگاکانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی کار لەسەر نەهەشتنی دیاردەی سیحر و جادو و یان هەرکارێکی هاوشێوە بکەن، بە پێچەوانەوە ڕێکارەکانی کارگێڕی و سزایی بەرامبەر ئەو کەسانە ئەنجام دەدرێت دام و دەزگاکانی ئەوقاف بە ئەم کارە بەکاربهێنێت.